# تێربووین لەو ژنانەی پیاو وەکوو گوڵ داونی لە یەخەی حیزبەکان وحکومەت ئەوەش یەکێکە لە گەندەڵیەکان

**ڤینۆس فایەق**
venusfaiq@yahoo.co.uk

یەکێ لەو سیمبولانەی جێی شانازی و سەروەری میللەتی کوردە شەهیدەکانمانن ، کە بە راستگۆیی خەباتیان کرد و بە راستگۆیی ژیانی خۆیان کردە قوربانی میللەت و لە پێناو وەدیهێنانی ئەم رۆژە ، بۆیە ئەوەتا لەو بەرزیە لە دڵماندان و بوونەتە قودس و بوونەتە پیرۆزترین پیرۆزیەکانی میللەتی کورد... بەڵام بۆ ئەوەی بە ژنێک بوترێ کارامە و لێهاتوو تەنها بەس نیە ژنی یان کچی یان خوشکی شەهید بووبێت ، چونکە ئەوە گەرەنتی ئەوە ناکات ئەو ژنە بەتوانا بێت و بزانێت بەشداری چالاکانە بکات لە بەرێوەبردنی ولات و بتوانێت جێگەی خۆی لە بازنەکانی بریاردا داگیر بکات.. بە هەمان شێوەش هیچ کاتێک ژن بوونی سەرکردەیەک یان بوون بە هاوسەری سیاسیەک یان مەسئوولێکی سیاسی پاسپۆرت نیە ژن پێی بپەرێتەوە بۆناو دونیای سیاست و فرۆکەیەک نیە بەرزی بکاتەوە بۆ پلەو پایە حکومیەکان ، ئەمانە هەموو بیردۆزن بە رۆژگار و بەزموون تاقیبووەوە کە نشوستیان هێنا و هەندێ جاریش نشوستیان بە زۆر لە دروشمەکان هێنا و لەگەڵ خۆیاندا زۆر لە بیروباوریان گۆری..
هەر لە پێناسەی گەندەڵیەوە کە لە دەقی پرۆژەی چاکسازی و نوێبوونەوەی (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)دا هاتووە ئەڵێ: گەندەڵی بریتیە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەلات بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکان ، وەرگرتنی بریارەکان بۆ بەرژەوەندی تاک نەک بەرژەوەندی گشتی ، لاوازکردنی دامەزراوە دیموکراتیەکان کە قەیرانی سیاسی بەدوادا دێت... هتد ئالێرەدا لەسەر ئەو دیاردەیە ئەوەستین کە ئەشێ ناوی بنرێت گەندەلی ، کە ئەو مەسئوولانە ئەگرێتەوە کە بەزۆر ژنەکانیان یان خوشک یان کچیان تێکهەڵکێشی پلە و پایە حیزبی و حکومیەکان ئەکەن بەمەبەستی وەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی و تاکەکەسی ، ئەمە خۆی لە خۆیدا زەرەر و زیان لە ئەزموونی سیاسی لە کوردستاندا ئەدات و لەلایەکی ترەوە مێژوویەکی ناشرین و شەرمەزار بۆ ژنی کورد ئەهۆنێتەوە ، چونکە زۆر جار وا هەست ئەکرێت کەوا بۆیە ژنە بێتواناکان ئەهێنرێنە پێشێ بۆ شێواندنی کەسایەتی ژن لە مێژووی خەباتی سیاسی میللەتی کورددا !! خۆ کە هەر ئەیانهێننە پێشێ بۆ ناچن ژنە بەتوانا وتەکنۆکرات و لێهاتووەکان بهێننە پێشێ؟؟
جاسم موتەیری نووسەر و رووناکبیری عێراقی لە نووسینێکیدا سەبارەت بە حکومەتی نوێی عێراق و نەبوونی تەنها ژنێک لە پلەیەکی وەک جێگری پەرلەمان و سەرۆک کۆمار و دواتر سەرۆک وەزیران بەمدواییە ئاماژەی بەوەدا گوایا ژن جارێکی تر زوڵمی گەورەی لێدەکرێ لەلایەن پیاوەوە بەوەی کەوا بۆ ناهێڵرێت بە ئەرکی نیشتیمانی خۆی هەڵسێت و بەشداری بکات لە بەرێوەبردنی ولاتدا ، ئەڵێت: هەروەک ئەوەی ژن لە کەوکەبێکی ترەوە هاتبێ و بۆی نەبێت بەشداری بکات لە حوکمرانی ولاتەکەدا، و ئەڵێ: وەک ئەوەی یاساکانی ئاسمان زوڵمیان لە ژن کردووە ، یاساکانی سەرزەویش زوڵمی لێدەکات ..
رۆژێک دوای بلاوبوونەوەی ئەو وتارەی ئەو بەرێزە و هەر بەزمانی عەرەبی و لەبەر رۆشنایی پەیڤەکانیدا وتارێکم بەناونیشانی (ژنانی پەرلەمانی عێراق تەنها بۆیان هەیە چەپڵە بۆ پیاوان لێبدەن)

نووسی ، وتم: راستە یاساکانی ئاسمان زوڵمیان لە ژن کردووە و هەروەها یاساکانی سەر زەوی ، بەڵام یاساکانی سەرزەوی زوڵمیان لە ژنی بێدەسەڵات کردووە ، نە ک ئەو ژنەی گەیشتۆتە پلە و پایە حکومیەکان و خۆی داکۆکی لە مافەکانی خۆی ناکات ، و خۆی نایسەلمێنێت کە بەتوانایە و بە مافی تەواوی خۆی گەیشتۆتە ئەو پلەیە ، ئەو ژنانە خۆیان زوڵمیان لە خۆیان کردووە ، بەوەی لەجیاتی ئەوەی خۆیان کاندید بکەن ، بەهەڵە پیاویان کاندید کرد!! من ئۆباڵی ئەو مەئساتە چەند لە ئەستۆی پیاودا ئەبینمەوە ئەوەندە وزیاتر لە ئەستۆی ژنەکان خۆیاندا ئەبینمەوە ، ژن خۆی زۆر جار زوڵم لە خۆی ئەکات ، بەوەی کار و پلەیەک قبوولٚ ئەکات ئەزانێت دەرەقەتی نادات ، یان بە پێچەوانەوە ئەزانێت شتێکی پێ ئەکرێت و توانا و بەهرەی هەیە و دەنگ بەرز ناکاتەوە و مافەکانی ناچەسپێنێت ، چونکە ئەگەڕێمەوە ئەڵێم من لێرەدا باسم لە ژنێکی سادە و ساکار و بێدەسەڵاتی ناو کۆمەڵگا نیە کە ئایین و کۆمەڵگا و حکومەت و دونیا زوڵمی لێدەکات ، باسم لە ژنێکە گەیشتۆتە پلەو پایە یان براوەتە پێشێ بەهەر شێوەیەک بێت.. ئەوان بەداخەوە ئیستەش چاوەڕێی پیاوێکن دەستیان بگرێت و بیانباتە پێشێ و کاندیدیان بکات بۆ پۆستی بۆنمونە جێگری سەرک کۆمار یان جێگری سەرۆک پەرلەمان ، یان جێگری سەرەک وەزیران..

ئیدی کێ دەنگی کامە ژنەی بیست لە کاتی کۆبوونەوەکەی سەرکردەکانی عێراق کاتێ سەرۆک پەرلەمان و هەردوو جێگرەکەی و سەرۆک کۆمار و هەردوو جێگرەکەی هەڵبژێردران؟ و ئەوەتا ئیستاش بە هەمان شێوە بێدەنگ دانیشتوون چاوەڕێی رەحمەتی پیاون..

مەهاباد قەرەداغی لە نامەکەی رۆژی 5-5-2006یدا داوا لە مام جەلال ئەکات فریا کەوێت و "لانی کەم دووژنی بەتوانا و شایستەی کورد بخاتە لیستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان" ، بە کورتیەکەی بیانسەپێنێت بەسەر حکومەتەکدا تا ئابرڕوومان نەچێت؟

ئەی ئەو نامەیە بۆ ئاڕاستەی ژنەکان خۆیان ناکەیت و لیێان بپرسیت لەناو پەرلەماندا دانیشتوون چیئەکەن؟ ئەی لەو ژنانە بۆ ناپرسیت کە ئەڵێیت هەن و کارامە و لێهاتوون بۆ خۆیان نایەنە پێشەوە و دەنگ بەرز ناکەنەوە و یەخە بە پیاو ناگرن و مافی خۆیان ناسەنن؟ ئەوە توانا و قەناعەت و ویستە ..

یان ئەبێت هەر پیاو دەست بخاتە سەر ژنەکان و وەکوو گوڵی ناوگوڵدان هەڵیانبژێرێت و ژوورەکانی کابینە نوێکانی پێبرازێنێتەوە یان کوردوەتەنی: خۆیان پێان بەخەنەوەیە..تەنانەت ئەوەتا بە پێی زانیاریەکانم کە لە کەس شارراوە نیە ماوەیەک لەمەوبەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سێ ژنی کاندیداد کرد بۆ ناو حکومەتی کوردستان ، دوانیان هاوسەری دوو لێپرسراوی ناو یەکێتی واتا (هەموو موئەهیلاتەکانیان ئەوەبوو ژنی دوو لێپرسراوی ناو یەکێتین) سێهەمیان موئەهیلاتی ئەوەبوو خوشکی یەکێ لە شەهیدەکانە) بە داخەوە مەکتەبی سیاسی دەنگی بۆ هیچیان نەدا ، من تێناگەم کە هەر کاندیدیشیان ئەکەن بۆ ناچن ژنە بە توانا و لێهاتووەکان بێنن و کاندیدیان بکەن و روویەکی شارستانی ببەخشن بە حیزبەکە ، کوان ژنە لێهاتووەکان ، کوان ژنە تەکنۆکرات و شارەزا و بەتواناکان قبووڵی نەکەن ژن لەبەر ناوی پیاوێک ببرێتە پێشێ ، و هەر لەبەر خاتری ناوی پیاوێک ئەخزێنرێنە ناو بازنەکانی بڕیار و پلە و پایەیان پێئەدەن؟

ئازیزم ئەو مەسەلەیە لە عەقڵیەتەکاندایە ، ئەوە مەسەلەی لێهاتووی و تەسمیمە ، ئەو ژنانەی تۆ باسیان لێوە دەکەیت هەن کارامەن هەموویان یان کچی مەسئوولن ، یان خوشکیانن ، یان ژنی یان

خوشکی شەهیدن ، یان ئیتر پشتێ لە پشتەکانیان ئەگاتەوە بە یەکێ لە مەسئوولەکان ، یان لەوانەیە دراوسێ بن..

یان هەروەک ئەیاد جەمال الدین کە کابرایەکی شیعەی پێشکەوتنخوازە ساڵی پار پێی وتم: تۆ ژنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان و عێراقت دیوە؟ وتم: هەندێکیان. وتی: رات چیە پێیان ، وتم: بوونیان لە نەبوونیان باشترە. وتی: نەخێر هەمووو بۆناو مۆزەخانە باشن .. لە دڵەوە ئەو قسەیەیم پێناخۆش بوو ، بەڵام راستیشە..

ئازیزم ئەو ژنانە پێویستیان بەوە نیە پیاوێک دەستیان بگرێ و بیانباتە پێشێ ، پێویستیان بە خولی فێربوونی قسەکردن و داواکردن و ماف بچڕینن ، پێویستیان بە خولی هوشیارکردنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەندێ عەقڵ شۆردنەوە هەیە ، هەتا کەمێ بزانن ئەوان بۆ لەو شوێنانە دانراون.

با کەمێ واقیعی بین ، هیچی لەو حیزبانەی تۆ باسیان لێوە دەکەیت و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەناوی ژنێکی لێهاتوو و کارامە رائەچڵەکن ، هیچیان باوەڕیان بە تواناکانی ژن نیە و پێشی نەخۆش ئەکەون ، ئەو چنانەشی هەر پلەو پایەیکیان دراوەتێ ، ئیدی هەر پلەیەک بێت ، یان بە خزم خزمێنەیە ، یان بۆ بێدەنگکردن ، یان بۆ رازاندنەوەی حیزبەکەیە..

ئیدی تەنانەت تۆش ئەگەر تروسکاییەکت لەو ژنانەدا شک ببردایە هانات بۆ مام جەلال نەدەبرد..

---

**ئەم بابەتە لە ژمارەی رۆژی 9 مایسی 2996 رۆژنامەی ئاوێنە بلاوبۆتەوە**